RESET
Training and Support

## سەردانەکانی دوای گەیشتن

ئێمە سەردانێك ئەنجام دەدەین (یان بە ئۆنلاین یان بەشێوەی کەسی) لەگەڵ تۆ بۆ قسە کردن لەگەڵت دەربارەی ژیان لەناو بەریتانیا چۆن دەبینی. ئەمانە کۆبوونەوەی نافەرمین کە ئێمە ئەنجامی دەدەین بۆ یارمەتیدانی تۆ، وە گروپەکەی کە هاوکاریت دەکات بۆ ئەوەی سەیری ئەو بەرەو پێش چوونە دەکات کە لەلایەن تووە بەدیهاتووە. سەردانەکە بۆ ئەوە رێك نەخراوە تۆ تاقی بکاتەوە بە هەر شێوەیەك وە هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر مافی مانەوەی پەنابەریت یان هەر داواکارییەکی داهاتوو بۆ هۆم ئۆفیس. ئەم سەردانانە دەرفەتێکن بۆ خستنەڕووی هەر پرسیارێك ڕەنگە هەتبێت.

**ئێمە کێین؟**

ڕێکخراوی Reset ڕێکخراوێکە کە لەلایەن هۆم ئۆفیسەوە دیاریکراون بۆ ئەنجامدانی ئەم سەردانانە. ئێمە هەروەها کاردەکەین لەگەڵ گروپی سپۆنسەریی کۆمیونیتی کە هاوکاری تۆ دەکەن. ئێمە تیمێکی بچووکی کارمەندین و سەفەر دەکەین بۆ سەرتاسەری بەریتانیا. ئێمە نوێنەری حکومەتی بەریتانیا نین.

**لە سەردانەکە کێی تێدا دەبێت؟**

ئێمە داوا لە کەسانی گەورە لە ئەندامانی خێزانەکەت دەکەین بۆ ئەوەی ئامادەبن، وە هەروەها ئەندامێکی کارمەندانی ڕێکخراوی Reset ، نوێنەرێك لە هۆم ئۆفیسی بەریتانیا، وە هەروەها ئێمە وەرگێڕێك دابین دەکەین.

**ئایا سەردانەکە چۆن ئەنجام دەدرێت؟**

لەوکاتەی نەتوانرێت لەناو بەریتانیا سەفەر بکرێت، ئێمە سەردانەکە بە تەلەفۆن کردنی ڤیدیۆیی یان تەلەفۆن کردنی دەنگی ئەنجام دەدەین. تۆ وردەکاری ئەم تەلەفۆن کردنەت پێدەدرێت.

**سەردانەکە چەند کات دەخایەنێت؟**

ئەمە نابێ لە ماوەی 90 خولەك زیاتر بخایەنێت؟

**ئایا ئێمە کۆبوونەوەکە تۆمار دەکەین؟**

ئێمە نە تۆماری ڤیدیۆیی و نە تۆماری دەنگی تۆمار ناکەین، هەرچەندە، ئێمە تێبینی وەردەگرین لەکاتی تەلەفۆنەکە، وە ڕێکخراوی ریسێت ئەمانە هاوبەشی پێدەکات لەگەڵ هۆم ئۆفیس. ئێمە داوات لێدەکەین کە ئەگەر بتوانین هەروەها ئەمانە لەگەڵ ئەو گروپە هاوبەشی پێبکەین کە هاوکاریت دەکەن. بڕیاردان لای خۆتە بۆ ئەمە.

**ئێمە پرسیاری چی دەکەین؟**

ئێمە پرسیارت لێدەکەین دەربارەی ئەوە ژیانت لەناو بەریتانیا چۆن بینی وە ئایا تۆ چۆن سەقامگیر بوویت لەناو شوێنی حەوانەوەکەت، گەڕەکەکەت و ناوچە خۆجێیەکەی خۆت. پرسیارت لێدەکەین کە ئایا بەرەو پێش چوونی وانەکانی زمانی ئینگلیزیت چۆنە و دەربارەی خواستەکانت سەبارەت بە کارکردن یان کاری خۆبەخشانە. پرسیارت لێدەکەین دەربارەی ئەوەی ئایا تۆ دەتوانیت دەستت بگات بە قوتابخانەکان بۆ منداڵەکانی ناو خێزانەکەت، هەروەها چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی تر، وەکو بەنەفێتەکانی خۆشگوزەرانی.

تۆ پێویست ناکات هیچ زانیارییەکی نهێنی ئاشکرا بکەیت سەبارەت بە تەندروستی یان دارایی خۆت، وە ئێمە هیچ شتێك ئاشکرا ناکەین کە تۆ پێمان دەڵێیت بەبێ ڕێگەپێدانی تۆ مەگەر تەنها ئەرکێکی یاسایی بێت لەسەر ئێمە بۆ ئەوەی ئەوە بکەین.

# Post Arrival Visits

We will be carrying out a visit (either online or in person) with you to talk to you about how you are finding life in the UK. These are informal meetings which we will conduct to help you, and the Group who support you to look at the progress you are making. The visit is not arranged to test you in any way and will not have any effect on your status or any future applications to the Home Office. These visits are an opportunity to raise any questions you may have.

**Who are we?**

Reset are the organisation appointed by the Home Office to carry out these visits. We also work with the Community Sponsorship Group who support you. We're a small staff team and we travel all across the UK. We are not representatives of the UK Government.

**Who will be included in the visit?**

We will ask adult members of your household to attend, and there will be a member of Reset staff, a representative from the UK Home Office, and we will provide an interpreter too.

**How will the visit be conducted?**

Whilst it is not possible to travel in the UK, we will conduct the visit by video or voice call. You'll be provided with the dial in details for this call.

**How long will the visit last?**

This should not take longer than 90 minutes?

**Will we record the meeting?**

We will not make a video or audio recording, however, we will take notes during the call, and Reset will share these with the Home Office. We will ask you if we can also share these with the Group who support you. This is your decision.

**What will we ask?**

We'll be asking you how you've found life in the UK and how you are settling in to your housing, neighbourhood and local area. We'll ask you how your English lessons are progressing and about your ambitions around working or volunteering. We'll ask about whether you are able to access schools for children in your family, as well as healthcare and other services, such as welfare benefits.

You don’t need to disclose any confidential information in relation to your health or finances, and we will not disclose anything you tell us without your permission unless there is a statutory duty for us to do so.